# ئەرشیفیێست و لیکۆڵەر: ( مۆفەق میراودەلی )

ناوی (مۆفەق حەسەن ئەحمەد)ە[1]، ناسراوە بە (مۆفەق میراودەلی)، ساڵی ١٩٧٩ لە ئۆردوگای زۆرەملێی پێماڵك–گەڕەکی ڕاپەڕینی ئێستا– لە شاری (قەڵادزێ)ی سەر بە قەزای (پشدەر) لەدایکبووە.

ساڵی ١٩٨٥ خراوەتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە(قەڵادزێ، رانییە، بازیان)خوێندووە و تەواوکردووە، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە (رانیە ، قەڵادزێ) تەواوکردووە.

ساڵی ٢٠٠١ لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری بەشی ئابوری زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠٥ تەواویکردووە. لەگەڵ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆدا بە مامۆستا دامەزراوە لە ئامادەیی قەڵادزێی تێکەڵاو تا ئێستا لەو قوتابخانەیەدا ماوەتەوە و بەردەوامە لە ئەرکی مامۆستایی و وانەکانی مێژوو جوگرافیا ئابوری و کۆمەڵایەتی دەڵێتەوە.

ساڵی ٢٠١٦ لە بەشی مێژوو/ئێواران لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ڕاپەڕین وەرگیراوە و ساڵی ٢٠١٩ تەواویکردووە، هەر چوار ساڵەکە بە پلەی یەکەم و تێکڕای هەرچوار ساڵەکەشی هەر پلەی یەکەم بە ئاستی (زۆرباشە) بەدەستهێناوە.

هەر لە منداڵییەوە تێکەڵی دنیای خوێندنەوە بووە، یەکەم کتێب خوێندویەتییەوە ڕۆمانی (دایك)ی ماکسیم گۆرکێ بووە. بەشداری کۆڕ و کۆبونەوە و چالاکییە ڕۆشنبیری و نیشتمانییەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ خوێندکاری پۆلی سێیەمی ناوەندیی بووە کە وتارێکی نووسیوە و لە بارەی ڕاپەڕین لە خوێندنگا خوێندویەتیەوە. ساڵی ٢٠٠٣ یەکەم بابەتی ڕۆژنامەوانی بڵاوکردووەتەوە.

دەیان دیداری جیاجیای لەگەڵدا ئەنجامدراوە لەلایەن تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

چەندین نووسین و بابەت و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی لە ڕوپەڕی بەشێك لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەت گۆڤارەکانی: (زنار، پشدەر، شەن، بابان، ڕانیە، ڕۆژنامەنوسان، کەی بیست و یەك، لەیلاقاسم–لەلایلا زانا–، مێرگ، ئابووری سیاسی، ئەنفالستان، دیمەن، ووزە، زانکۆ لە مەهاباد، بەیان لە مەهاباد، چەپکە گوڵ، پەروەردە، ژیار،...هتد). لە ڕۆژنامە و ساڵنامە و وەرزنامەکانی: (ئاڵای ئازادی، هاوڵاتی، کوردستانی نوێ، بڵاوکراوە بیست و چواری چوار، خەبات، دەستوور، ڕوانین، چەتر، ساڵنامە قەڵادزێی نوێ، نوێکار، هەڵبژاردن، بڵاوکراوە هەناسە، بڵاوکراوە هەوێن، سەتیر، ئاسۆ، ڕێگای کوردستان دۆسێی تایبەت بە قەڵادزێ).

---

[1] بە ڕەچەڵەك دەگاتەوە سەر فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، بەم شێوەیە: (مۆفەق حەسەن ئەحمەد محەمەد ئەحمەد حەمەد ئاغا میراودەلی کوڕی میر بۆداغ کوڕی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە)یی، واتە لە سەری باوکیەوە لە عەشیرەتی میراودەلییە، هەر بەم هۆیەوە نازناوی (مۆفەق میراودەلی) وەرگرتووە.

خولیای پاراستن و بە ئەرشیفکردنی مێژووی کوردە هەر ئەمە وایکردووە بووەتە خاوەنی کتێبخانەیەکی گەورەیە کە ئەمانە لەخۆدەگرێت:

- نزیکەی ٢٣٠٠٠ کتێب بە زمانە جیاوازەکان لە (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی) زمانەکانی تریش.
- زیاتر لە ١٠٠ هەزار ڕۆژنامە و گۆڤاری بەشێوەی کاغەز پاراستووە.
- هەزاران وێنە و بەڵگەنامەی بوارە جیاوازەکان.
- چەندین دەسنووس.
- ئەدەبیاتی شاخی حیزبە کوردستانییەکان.
- نزیکی ٤٠٠ کاتژمێر دیدار و چاوپێکەوتن، کە ئەنجامی داون لەگەڵ کەسایەتی و ناودارەکانی کۆمەڵگا لە بوارە جیاوازەکانی: (مێژووی، بیرەوەری، ڕۆژنامەوانی، فۆلکۆر..هتد).
- لەپێشەکی دەیان کتێب و باسی دەرچوون و نامەی ماستەر و دکتۆرا وەکو هاوکار و یارمەتیدەر ناوی هاتووە و سوپاس کراوە.
- بەهەزاران لاپەڕەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە کۆنەکان سکان کردووە، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و زانستی، هەموو ئەوانەی پاراستووە وەکو بەشێك لەمێژووی ڕۆژنامەوانی و کتێبخانەی کوردی.

## بەرهەمە مێژووی و ڕۆژنامەوانی و بیبلیۆگرافییە چاپکراوەکانی:

١. **عەشیرەتی میراودەلی**[٢].
٢. **ئینسایکلۆپیدیای شەهیدانی قەڵادزێ ١٩٧٤/٤/٢٤**[٣].
٣. **پشدەر لە هەگبەی مێژوودا**[٤].
٤. **بیبلۆگرافیای جینۆسایدی کورد**[٥].
٥. **ڕاگواستنی قەزای پشدەر، کۆتایی ئەنفال (١٩٧٧-١٩٨٩)**[٦].
٦. **پێڕستی هەردوو گۆڤاری ئابووری و ئابووری سیاسی**[٧].

---

[٢] چاپی یەکەم: ٢١٣ لاپەڕە، حەمدی، سلێمانی/عێراق ٢٠١١.
[٣] چاپی یەکەم: ٧٨ لاپەڕە، پیرەمێرد، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢.
[٤] چاپی یەکەم: ٨٨ لاپەڕە، روون، سلێمانی/عێراق ٢٠١٢.
[٥] چاپی یەکەم: ٥٧٨ لاپەڕە، کەمال، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.
[٦] چاپی یەکەم: ٢٠١٣. چاپی دووەم: ١٠٤ لاپەڕە، کەمال، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.
[٧] چاپی یەکەم: ١٢٦ لاپەڕە، کەمال، سلێمانی/عێراق ٢٠١٣.

٧. شەهیدانی پشدەر لە جەنگی تیرۆرستانی داعشدا[٨].

٨. کارەسات و ڕاپەڕینی قەڵادزێ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا (١٩٧٤/٤/٢٤) و (١٩٨٢/٤/٢٤)[٩].

٩. سەرجەمی بەرهەمی ڕۆژنامەوانیی محەمەدی مەلا کەریم[١٠].

١٠. فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە -با پیرە گەورەی تیرەی بابان، میراودەلی، گەردی-[١١].

١١. جەمال عیرفان روناکبیرێکی گومناو[١٢].

١٢. بیبلۆگرافیای نووسەرانی ناوچەی پشدەر-ژیاننامە و بەرهەم-[١٣].

١٣. بابەتەکانی شەهید ئارام لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا[١٤].

*چەند کتێبێکی ئامادەی چاپکردنە.

سەرچاوە:

چاوپێکەوتن لەگەڵ ناسێنراو "مۆفەق میراودەلی" لە ماڵی خۆی کە دەکەوێتە گەڕەکی (گربداخ) لە شاری قەڵادزێ سەر بە قەزای پشدەر لە پارێزگای سلێمانی، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/٢/١٩ کاتژمێر دەی بەیانی.

ئامادەکردن: احسان ابراهیم بەڵخەیی

---

[٨] چاپی یەکەم: ١٠٣ لاپەڕە، کەمال، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥.

[٩] چاپی یەکەم: ٨٧ لاپەڕە، کەمال، سلێمانی/عێراق ٢٠١٥.

[١٠] چاپکراوە لە چوار بەرگدا:

بەرگی یەکەم: چاپی یەکەم، ٢١٠ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

بەرگی دووەم: چاپی یەکەم، ٢٥٨ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

بەرگی سێ یەم: چاپی یەکەم، ٤١٤ لاپەڕە، کەکۆن، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

بەرگی چوارەم: چاپی یەکەم، ٢١٩ لاپەڕە، کەکۆن، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

بەرگی پێنجەم: چاپی یەکەم، ١٥١ لاپەڕە، کەکۆن، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[١١] چاپی یەکەم: ١٩٨٦. چاپی دووەم: ٦٣ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠١٧.

[١٢] چاپی یەکەم: ١٩٤ لاپەڕە، تاران، ئێران ٢٠١٩.

[١٣] چاپی یەکەم: ٣٤١ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠٢٠.

[١٤] چاپی یەکەم: ٣١٨ لاپەڕە، کارۆ، سلێمانی/عێراق ٢٠٢١.